مەندەڵاوی گەیشتە باکۆ بۆ بەشداریکردن لە شەشەمین کۆبوونەوەی دیالۆگی جیهانی

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت و سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەبی، بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە شەشەمین کۆبوونەوەی جیهانی بۆ گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان گەیشتە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان.

نووسینگەی هاگیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت لە هاگیەنراوەکدا بڵاویکردەوە" موحسین مەندەڵاوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت، سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانەکانی عەرەبی، ئێوارەی ئەمڕۆ سەشەممە، لە وەڵامی بانگهێشتنامەیەکی فەرمی کە لەلایەن سەهابا گافارقا، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆماری ئازەربایجانەوە پێشکێش کرابوو گەیشتە لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، .

ئاماژە بەوەشدا" لەم سەردانەدا یەک لەژ دەخایەنێت، مەندەڵاوی بەشداری لە کارەکانی شەشەمین کۆبەندی جیهانی بۆ گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان دەکات، کە لە کۆماری ئازەربایجان بۆ ماوەی (3-1/ ئایاری 2024) بەڕێوە دەچێت.